## "سمکۆی شکاک"
## لەنێوان رق و بێزاری داگیرکەرانی کوردستان و،
## تانە و توانجی خوێندەواری خۆیی!

**نووسینی: سیروان کاوسی**

**نۆرویژ: ٢٠٠٦/٩/١٠**

داگیرکەران و دوژمنانی گەلی کورد، جگە لە تاڵانکردنی سامان و بەروبووی سەرزەوی و کان و کانزاکانی کوردستان و، هەوڵی بەردەوام بۆ ژێنۆسایدکردنی رەگەزی و ئابووری و فەرهەنگیی کورد، هەروەها تێکۆشیون بۆ شکاندنی کەسایەتی و سووکایەتیپێکردن بە سەرۆک و رێبەرانی کلاسیکی کورد، بەتایبەتیی ئەو سەرکردانەی کە، بە باوەڕ و هەستێکی پاک و نیشتمانپەروەرانەوە، هەوڵی رزگارکردنی گەلی کوردیان داوە و، بەرەنگاری سیاسەتی دزێو و نامرۆڤانەی داگیرکەران بوونەتەوە. مەبەستی سەرەکیی داگیرکەران لە پرۆپاگەندەکردن دژی رێبەرانی نەتەوەیی و ئازادیخوازی کورد ئەوە بووە، لەلایەک مێژوویەکی ناڕاست و پڕ لە درۆ بۆ وەچەکانی داهاتووی خۆیان جێبێڵن و، راستیی رووداوەکانیان لێ بشارنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، بڵاوکردنەوەیان لەنێو کورددا، ببێتە هۆی ئەوە کە کورد بڕوای بە سەرکردە و رێبەرانی خۆی نەمێنێ و، سەرکردەکانی خۆی بە کەسانێکی نەشارەزا و دواکەوتوو بێتە بەرچاو، کە هیچ شتێکیان لەبارەی سیستەمی دەوڵەتداری و دیپلۆماسی و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە نەزانیوە و، گەلی کورد و دراوسێکانی کوردیان تووشی شەڕ و خوێنڕشتن کردووە. ئەوجا گەلێکی وا، کە سەرکردە و رێبەری وا نەزان و خوێنڕێژی لێهەڵبکەوێت، نیشانەی ئەوەیە کە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی نزمە و، نەگەیشتووەتە ئاستێک بتوانی خۆی ببات بەڕێوە، رێگەچارەش ئەوەیە، گەلی کورد، لەلایەن گەلانی زانا و دێمۆکرات و ئاشتیخواز و خاوەن شارستانییەتی وەک فارس و ترک و عەرەب ببرێت بەڕێوە. گەلێک مخابن، ئەو پرۆپاگەندە و، درۆ و بوختانکردنانەی داگیرکەران،بەرادەیەکی زۆر کاریان کردبووە سەر سیاسەتکار و خوێندەواری کوردەواری و، ئێستاش پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ، هێشتا ئەو بیرە چەوتە لە مێشکی هەندێکدا ماوە و، گەلێک جار گوێبیستی، سووکایەتیکردن دەبین بە سەرکردە و نیشتمانپەروەرانی گەورە و زانای وەک شێخ مەحموودی نەمر و، پێشەوا قازی و سمکۆی شکاک و...

میدیای کوردی، کە دەبوو ئەوڕۆکە، بەشێک لە بەرنامەکانی،ئاشکراکردنی رووی راستینەی کەسایەتی و، ئامانج و خەباتی ناوداران و سەرکردەکانی کلاسیکی کورد بوایە و، هەوڵی ناساندنی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەی بدایە، بۆ ئەوەی

بەرێگەی میدیاوە، گەلی کورد لەمێژووی ڕاستینەی خۆی ئاگاداربێت، کە ئەوەش لە پەرەسەندنی بیروباوەڕی نەتەوەییدا کارکردی بەرچاوی هەیە،زۆر بەداخەوە،هەموو کاتێکیان تەرخان کردووە بۆ پرۆپاگەندەی حیزبی و، بەشان و باهۆهەڵدانی سەرکردەی حیزبەکەی خۆیان.

یەکێک لە سەرکردەکانی گەورەی کورد، کە هێندە دۆژمنانی کورد لەسەری نووسیویانە، بەداخەوە نیو هێندە نەتەوەکەی خۆی باسی نەکردووە و، نایکا و، گەلەکەی خۆی لەژیان و خەبات و بیروباوەڕی بێئاگایە، سمکۆی شکاکە.

لێرەدا ئەم چەند لاپەڕەیە لە ژیان وتێکۆشینی سمکۆی شکاک – شۆڕەسوارەی ڕێگەی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان دەخەمە بەرچاوی خوێنەرەوەی هێژا و، نیشتمانپەروەری کورد، بەوهیوایەی لەداهاتوودا، کەسانێکی لەمن شارەزاتر و، قەڵەم بەبڕشتتر، هەوڵبدەن لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلتر و بابەتانەتر پێشکێشی گەلەکەیان بکەن. هەروەها ئەمە ببێتە هاندەرێک بۆ ساخکردنەوە و، نووسینەوەی ژیانی هەموو سەرکردەکانی کلاسیکی کورد. چۆنکە داگیرکەرانی کورستان، مێژووی ڕاستینەی کوردیان، بە پێی ئامانج و سیاسەتی داگیرکەرانەیان شێواندووە و، تێکیانداوە، لەبەر ئەوە ئەرکی نووسەر و رۆشنبیرانی کوردە، هەوڵبدەن بۆ توێژینەوە و، نووسینەوەی مێژووی گەلەکەیان بەهەموو تەوەر و لایەنەکانییەوە، تا لەداهاتوودا ببنە وانەی نێو پەرتۆکی قوتابخانە و خوێندنگەکان لە کوردستانی ئازاد و سەربەخۆدا.

سمکۆی شکاک کوڕی حەمە ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بوو. عەشیرەتی شکاک لە دووتیرەی "عەبدوویی" و "مەمدوویی" پێکهاتوون و، شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە بەشی سەرووی گۆلی "ورمێ" لەرۆژهەڵاتی کوردستان. پاش مردنی حەمە ئاغا، برای گەورەی سمکۆ بەنێوی جەعفەر ئاغا، دەبێتە سەرۆکی هۆزی شکاک.

عەشیرەتی شکاک لەنێوچەکەی خۆیدا ملی بۆ هیچ هۆز و دەسەڵاتیک دانەدەنەواند. ئەوەش وایکردبوو عەشیرەتە کوردەکان و، تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریش، بەچاوێکی دیکە لێیبڕوانن. ساڵی ١٩٠٤ی زاینی، لەسەر داوای نیکۆلای دووەم – ئیمپراتۆری رووسیای تزاری، جەعفەر ئاغا و عەبدولڕەزاق بەدر خان و سەی تەهای شەمدینان سەردانی رووسیایان کرد. سەردانەکەی جەعفەر ئاغا، حکوومەتی قاجارەکانی ئێرانی خستە دلەڕاوکە و پەژارەوە. ئەوە بوو، ساڵی ١٩٠٧ی زاینی، "نزامولسەڵتەنە" سەرۆکوەزیرانی ئێران، بەنێوی وتووێژ سەبارەت بە ئاسایش و هێمنی نێوچەکە، جەعفەرئاغای بانگێشتی شاری تەورێز کرد، بەڵام کاتێ جەعفەر ئاغا و چەکدارەکانی دەگەنە شوێنی دیاریکراو، لەهەموو لایەکەوە دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللە و دەیانکوژن.

کوژرانی جەعفەر ئاغا و پاسەوانەکانی بە نەخشە و پیلانی کاربەدەستانی ئێرانی، شۆڕشێک لە مێشکی سمکۆدا بەرپا دەکا و، ئەو بیرە لای چەکەرە دەکا کە بەوادە و بەڵێنی داگیرکەران باوەڕ بکا و، تاکە ڕێگەیەک لەبەردەم کورددا هەبێت، ئەوەیە خەبات بکا و تێبکۆشێ بۆ رزگارکردنی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی.

لەو کاتەدا، ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش ڕوودەدات کە ئەویش لەداوخستنی زانا و نیشتمانپەروەری کورد، عەبدولڕەزاق بەدرخان دەبێ لەلایەن هێزێکی عوسمانییەوە. عەبدولڕەزاق بەدرخان، بەهۆی زەخت و گوشاری رژێمی عوسمانی، لە ترکییا رادەکا و، پاش ماوەیەک لە شاری تەورێز – نێوەندی ئازەربایجان دەگیرسێتەوە. بەدرخان، لە تەورێز، دیسان دەستدەکات بە چالاکی سیاسی و رۆشنبیری و، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتیی. دەولەتی عوسمانی، لەساڵی ١٩١٢ی زاینی، هێزێکی چەکدار دەنێرێت بۆ گرتنی بەدرخان و، هێنانەوەی بۆ ترکیا. گومانی تێدانییە، ئەو پلانە بە رەزامەندیی رژێمی ئێران ئەنجامدراوە. چەکدارە ترکەکان دەگەنە تەورێز و عەبدولڕەزاق بەدرخان دەگرن و، کوت و زنجیری دەکەن و، ڕێگەی گەڕانەوە دەگرنەبەر. کاتێ دەگەنە نێو خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان و، لەنیوچەی بندەسەڵاتی عەشیرەتی شکاک نێزیک دەبنەوە، سمکۆ لە چۆنێتیی ڕووداوەکەی بەدرخان ئاگادار دەبێ،لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری عەشیرەتەکەی هەڵدەکوتنەسەر هێزی ترک و، چەندین کەسیان لێدەکوژن و، ئەوانی دیکەشیان چەک دەکەن و، بەدرخانیش رزگار دەکەن. سمکۆ فەرمانی کوشتنی چەکدارە ترکەکان دەدات، بەڵام بەدرخان ڕێیلێدەگرێ و، دەبێتە تکاکار و، دەڵێ، ئەمانە سەربازی ئاسایی و بێتاوانن. سمکۆ وازیان لێدێنێ و، ڕێگەیان دەدەن بەرەو وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە (١*).

لەگەڵ تێکشکانی سوپای ئیمپراتۆریی عوسمانی، لەبەرامبەر هێزی هاوپەیمانان لەساڵی ١٩١٨ی زاینی، سمکۆ، بارودۆخەکە بە هەل و دەرفەت دەزانی و، لەماوەیەکی کەمدا، سەرتاسەری نێوچەکانی دەوروبەری "ستانی ورمێ" لەهێزی عوسمانی و ئێران پاک دەکاتەوە و، دەیخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە.

لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەم و، پاش تەواوبوونی جەنگیش، حکوومەتی بنەماڵەی قاجاریی لەئێران، لەهەموو ڕوویەکەوە لاواز بوو. لەکۆتایی ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩٢١ی زاینی، هەموو سوپای ئێران بریتیبوو لە ١٢٠٠٠ (دوانزە هەزار) ژاندارم و ٧٠٠٠ (حەوت هەزار) قەزاق. لەشکری قەزاق لەژێر کۆنترۆڵ و فەرماندەیەتیی ئەفسەرانی ڕووس دا بوون و، دەوڵەتی ڕووس جیرە و خواردەمەنیی سوپای ئێرانی دابین دەکرد. حکوومەتی ئێران، کە بە هاوبەشی ڕووس و ئینگلیز دەچوو بەڕێوە، لە ئەنجامی پیلانێکی سێ قۆڵی

و، به مەبەستی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی دەسەلاتی زیاتری سمکۆ، داوێکیان بۆ نایەوە و، بۆمبایەکیان لە نێو نامەیەکدا نارد بۆی. بومباکە تەقییەوە و یەکێک لە براکانی سمکۆی بەر کەوت و شەهید کرا، بەڵام سمکۆ خۆی لە پیلانەکە رزگاری بوو.

**هاوینی ساڵی ١٩١٩**، **سمکۆ** هێرشی بردە سەر شاری **"ورمێ"** و رزگاری کرد. هێزەکانی کورد لە ورمێ، کەوتنە لێدان و راوەدوونانی هێزەکانی ئێران و، ترکە ئازەرییەکان کە ئەوانیش شان بە شانی چەکدارەکانی ئێرانی، شەڕی کوردیان دەکرد. دەوڵەتی وابەستەی ئێران، بۆ بەربەرەکانێکردنی سمکۆ، سەرهەنگ (عەقید) **"فیلیپۆڤ"** ی رووسی دەستنیشانکرد کە ئەوکات فەرماندەی هێزی قەزاق بوو لە ئێران. فیلیپۆڤ لە نێوچەی "سەڵماس" ەوە هێرشی هێنا و، تا گوندی **"چهریق"** کە قەڵا و بارگەی سەرەکیی سمکۆی لێدامەزرابوو، پاشەکشەی بە هێزەکانی کورد کرد. ئەوجا لەگەڵ سمکۆ کەوتە گوتوبێژەوە و، سمکۆ رازی بوو کە چیدی هێرش نەکاتە سەر شاری ورمێ، بەڵام پاش گەڕانەوەی فیلیپۆڤ و لەشکرەکەی، سمکۆ هەموو ئەو نێوچانەی لەسەرڕا داگیرکردەوە کە پێشتر لەدەستیدا بوو.

ساڵی ١٩٢١ هێزیکی زۆر لەتارانەوە، بەمەبەستی پشتیوانیکردنی هێزەکانی ئێران لەنێوچەکە، گەیشتە شاری تەورێز. هێشتا سوپای ئێران لە تەورێزەوە بەرەو کوردستان رێنەکەوتبوون کە سمکۆ فەرمانی گرتنی شاری مەهابادی دەرکرد. رۆژی ٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١، هێزەکانی کورد شاری مەهابادیان گەمارۆدا. ئێران تیپێکی ٥٥٠ (پێنسەت و پەنجا) کەسی ژاندار و سەربازیان لە مەهاباد مۆڵدابوو. پاش چەند رۆژ گەمارۆدانی شار، لە ئەنجامی شەویخوێن و هێرشی خێرای هێزەکانی سمکۆ، سەنگەرەکانی چەکدارانی ئێران، یەک لەدواییەک گیران و، توانای بەرگریکردنیان نەما. لە ئاکامدا سەت و پەنجا ئەفسەر و سەربازی ئێرانی کوژران و، چوارسەت کەسی دیکەشیان لێ بەدیل گیرا.

جێگەی داخە، لەئەنجامی ئەو شەڕ و پێکدادانەدا، هەندێک وێرانی و زیانی گیانی و ماڵی بەر خەڵکی شار کەوت، هۆکەشی ئەوە بوو، کاتێ سەربازەکانی ئێران لەنێو لەشکرگەکەیاندا توانای بەرگریکردنیان نەما، کۆڵان و نێو ماڵانی شاریان کردە پەناگە و سەنگەر و، لەوێوە تەقەیان لە هیزەکانی کورد دەکرد، بەڵام دوایی پاش کوژرانی ژمارەیەکیان، هەموویان ناچاربوون خۆیان بدەن بەدەستەوە.

دوابەدوای داگیرکردنی مەهاباد لەلایەن سمکۆوە، ئەفسەرێکی سوێدی بەنیوی "لاند بێرگ"، فەرماندەیەتیی هێرشێکی تازەی پێسپێردرا. لەشکری لاند بێرگ، ملی رێگەی گرتەبەر و، لەنێوچەکانی رزگارکراوی کوردستان نێزیک بووەوە. سمکۆ، هێزێکی ٢٠٠٠ کەسیی کۆکردەوە و، بەرنامەی تێکشکانی لەشکری ئێران بە فەرماندەیەتیی ئەفسەری

سوێدی دارشت. لەهێرشێکی خێرا و لەنەکاوی هێزی چەکداری کوردستان بە فەرماندەیەتیی سمکۆ، بە سەتان چەکداری ئێرانی کوژران و، پاشماوەی هێزەکەشیان هەڵاتن و لەنێوچەکە دوور کەوتنەوە. شایانی باسە، لەو شەڕانەدا فەرماندەی هێزی ئازەرییەکان، " سام خانی ئەمیر ئەرشەد" بوو. سام خانی ئەمیر ئەرشەد برای "زەرغام"، فەرماندەی سوپای ئازەرییەکان و، ئەو کەسە بوو کە لە شاری تەوریز بە دارشتنی پیلان، جەعفەر ئاغا، برا گەورەی سمکۆی کوشتبوو. سام خانی ئەمیر ئەرشەد، بەدەستی سمکۆ کوژرا و، بەوجۆرە تۆڵەی خۆی لە زەرغامی دوژمن بە کورد و بکوژی براکەی، سەندەوە.

هێزەکانی ئێران لەبەرامبەر هێزەکانی سمکۆدا، پەیتا پەیتا تووشی شکست دەبوون و، شار و نێوچەیەکی زیاتری کوردستان ئازاد دەکرا و، دەکەوتەژێر دەسەڵاتی سمکۆوە.

**شۆرشگێر و نیشتمانپەروەر و رۆڵەی زانای کورد، ناسراو بە سەی تەهای شەمزینی، کە زاوای سمکۆ بوو، راوێژکار و فەرماندە و سیاسەتزان و، هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش و بێوێنە بوو بۆ سمکۆ.**

فەرماندەکانی ئێران، جارێکی دیکە، هێزوتوانای خۆیان تاقیکردەوە و هێرشیان هێنایەوە. لەدوو نەبەردی گەورە و خوێناویدا کە لە "ئەزدیکان" و "قەرەتەپە" روویاندا، هێزەکانی ئێران تێکشکان و، بەرەو شاری خۆی هەڵاتن، بەڵام هێزی کوردستان بەردەوامبوون لە هێرشیان و، لە سەرەتای دێسەمبەری ساڵی ١٩٢١ی زاینی، سەرکەوتووانە چوونە نێو شاری "خۆی" و ئەو شارەی کوردستانیش لە هێزەکانی داگیرکەری ئێرانی پاک کرایەوە.

رێز و خۆشەویستیی خەڵکی کورد بەرامبەر بە سمکۆ، بەرادەیەکی زۆر پەرەی سەند. تەواوی سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، بەتایبەتیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سەریان بۆ نەوی کرد و، سمکۆیان بە سەرۆک و رێبەری خۆیان دەزانی. هەرلە سنووری باکووری کوردستان – لە ماکۆ وە تاکو بانە و مەریوان، بەدرێژایی سەتان کیلۆمەتر، لەژێر دەستی هێزەکانی داگیرکەری ئێران پاک کرایەوە.

سمکۆ لە گەرمەی سەرکەوتنەکانیدا، نامەیەک بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان، بەنێوی زەفەرولدەولە دەنووسێ و، تێیدا دەڵێت:

**"ئێوە ببینن، نەتەوەکانی بچووکی جیهان کە ژمارەیان لە نەتەوەی کورد زۆر کەمترە، چلۆن توانییان مافی خۆیان لە وڵاتانی گەورەی وەک ئەڵمان بستێنن و، بە سەربەخۆیی بگەن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافی خۆی لە ئێران بستێنێت، مردنی لە بندەستی و کۆیلەتی پێ باشترە".**

سمکۆ هەروەها لەوەرامی پرسیاری **"جەنەراڵ مستەفا پاشا"**، نوێنەری مەڵبەندە کوردییەکانی شاری ئەستەمۆڵ دا دەڵێت:

"لەبارودۆخی ئێستەدا، من ڕێبەرێتیی بزووتنەوەکە دەکەم و، ڕێکخراو و کۆڕێکی سیاسیی تایبەتمان نییە. کاری گرنگ و سەرەکیمان ڕزگارکردنی کوردستانە. کاتێ بە ئازادی گەیشتین و، کوردستان ڕزگار بوو، گرنگ نییە چ کەسێک دەبێتە سەرۆکی کوردستان. من خۆم لەوبارەوە، بیری سەرۆکایەتی و دەسەڵاتخوازیم نییە، سەبارەت بە "ئاڵا" کە پرسیارتان کرد، بەباوەڕی من، کاتێ کوردستان ڕزگار بوو دەتوانین ئەوکات بیر لە ئالایەکیش بکەینەوە کە ڕەمزی وڵاتەکەمان بێت".

سمکۆ هاتبووە سەر ئەو باوەڕەوە کە بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی پێویستی بە پشتیوانیی وڵاتانی گەورەی دنیا و، چەکوچۆڵی جەنگی هەیە. ئەوە بوو لەمانگی گوڵانی ساڵی ١٩١٩ی زانیی، سەی تەها ڕاوێژکاری سمکۆ، بەرەو بەغدا دەکەوێتەڕێ، تا لەگەڵ کاربەدەستی ئینگلیز لە عێراق بەنێوی "ویلسن" گوتوبێژ بکات و، پرسی سەربەخۆیی کوردستان و، پرۆژەی دامەزراندنی دەولەتی کوردی لەگەڵدا باس بکات. ویلسۆن دژایەتیی بۆچوونەکەی سەی تەها لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکا، بەڵام سمکۆ هەر بەردەوام دەبێت لە پێوەندیگرتنی بە ئینگلیزییەکانەوە و، لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٩٢١، لە شارۆچکەی "شنۆ" ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ کاربەدەستێکی دیکەی ئینگیزی بەنێوی "کاکس"، دیدارێک ڕێکدەخا. سمکۆ لەو چاوپێکەوتنەیدا، دیسان داوا لە دەولەتی بریتانیا دەکات، تا پشتگیریی کورد بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی. ماوەیەک دوای ئەو دیدارە، کەسێک بەنێوی بابەکرئاغای پشتدەری دەبێتە خانەخوێ و میواندار و، هاوکات، بەشداری وتووێژێکی بەردەوام لەنێوان سمکۆ و ئینگلیزەکاندا، کە سێ مانگی دەخایەنێت. بەڵام وەک دواتر ئاشکرا بوو، ئینگلیزەکان چاویان لە ساویلکەیی و گوێڕایەڵی خان و شێخ و، خێروبێری وڵاتانی ئێران و عەرەب بڕیبوو و، کوردیان لەدەرەوەی بازنەی ئامانج و نەخشەی ئابووری و ڕامیارییان دانابوو لە نێوچەکە، لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێکی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان بێ ئاکام مایەوە. سمکۆ بۆ دواجار بەڕێگەی "مستەفا پاشا" وە لەگەڵ ئێنگلیزەکان پێوەندیی دەگرێ و، نامەیەک دەنووسێ بۆیان. سمکۆ لەنامەکەیدا دەڵێ:

"ئەز و سەی تەها، بەڵێنتان پێدەدەین، ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا چەک و چۆڵ و تەقەمەنیمان پێبدات و، پشتوانیمان بکات و، مەرجەکانی ئێمە بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردی پەسند بکات، ئێمە ترکە ڕەگەزپەرستەکان لە شارەکان و مەڵبەندەکانی وان و ئەرزرۆم و سیواس و هەکاری و بتلیس پاک دەکەینەوە. هەروەها لە ڕەواندوز ڕایاندەماڵین و لەنێویان دەبەین... ئێمە دەتوانین شاری ئانکاراش داگیر بکەین! ئەگەر بەریتانیا ڕێگەمان بدات، لەماوەیەکی کورتدا شاری "سنە" ش داگیردەکەین و، ئێرانییەکان لەوێ ڕادەماڵین".

بەڵام دەولەتی ئینگلیز، وەک پێشتر ئاماژەم کردبۆی، نایەوێت هیچ گۆڕانێک لە ستراتیژ و نەخشەی کۆلۆنیالیستانەی خۆی لەنێوچەکەدا بکات و، هەر بەردەوام دەبێ لە سیاسەتی پشتگوێخستن و نکوولیکردنی کورد.

لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٢٢ دا، سمکۆ هەوڵیدا لە یەکێتیی سۆڤێت بە سەرۆکایەتیی لێنین نێزیک بێتەوە و، نوێنەرێکی نارد بۆ لای رووسەکان، بەڵام دەوڵەتی نوێی رووسیا، بەپێی رێککەوتننامەی ٢٦ی فوریەی ساڵی ١٩٢٢، پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران ئاسایی کردبووەوە و، وازی لە پشتیوانیکردنی شۆرشگێڕانی باکووری ئێران بەسەرۆکایەتیی "میرزا کوچک خان" هێنابوو. ئیدی نەیدەویست نێوانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران تێکبدات. بەوجۆرە، لێنین و دەولەتەکەی، بە کردەوە پشتیان لە پرنسیپەکانی مارکسیزم کرد، کە پشتیوانیکردنی گەلانی بندەست، لە خاڵەکانی بنگەهینی رێبازەکەیەتی.

مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٢٢، حکوومەتی ئێران، جارێکی دیکە بەهێزێکی زۆرەوە، بە فەرماندەیەتیی "ژنەراڵ شەیبانی" رووی لە کوردستان کرد. لەنێو سوپاکەی ئێراندا، کەسێک بەنێوی "خالۆ قوربان"، فەرماندەی هێزی عەشایری بەکرێگیراوی حکوومەتی پێسپێردرا. خالۆ قوربان بە بنەچە کوردی کرماشان بوو. لەسەردەمی راپەڕینەکەی "میرزا کوچک خان" (میرزا بچکۆل خان) کە لە باکووری ئێران، لەدژی حکوومەت و بنبڕکردنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لەئێران بەرپاکرابوو، لەگەڵ کۆمەڵێک چەکداری عەشیرەتەکەی، چوون بۆ یارمەتی و پشتیوانیکردنی راپەڕینەکەی باکووری ئێران. لەوێ خۆی و چەکدارەکانی گەلێک نەبەردی قارەمانانە ئەنجامدەدەن و لەماوەیەکی کەمدا نێوبانگی ئازایەتیی خالۆ قوربان لەهەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە. خالۆ قوربان، دوایی پشت لە بچکۆل خان دەکا و، لەگەڵ رژێمی قاجاری ئێرانیدا رێدەکەوێت. ئێران و ئینگلیزییەکانیش بەهەلی دەزانن و، پلانی شەڕی کورد لەگەڵ کورد دادەڕێژن. "خاڵو قوربان" ی کۆنە شۆرشگێڕ، جلوبەرگی جاشایەتی لەبەر دەکا و، بەرەو کوردستان رێدەکەوێت.

خالۆ قوربان بە هێزیکی ٦٠٠ کەسی تەیار و پۆشتەوە دەگاتە شاری میاندووئاو. لەکاتی دیاریکراودا، هێزەکانی ئێران لە چەندین قۆڵەوە بەرەو نێوچەکانی بندەسەلاتی سمکۆ پێشڕەوی دەکەن و، بەشێکیان بەرەو بۆکان و مەهاباد دەکەونە رێ. هێزەکانی کوردستانیش لە چەندین قۆڵەوە هێرش دەکەنە سەریان و، لەهەموو بەرەکانی جەنگدا تێکیان دەشکێنن. لەئاکامدا بەسەتان سەرباز و ژاندار و جاش و ئەفسەری سوپای ئێران دەکوژرێن و، ژمارەیەکی زۆریش بە دیل دەگیرێن. لاشەی خالۆ قوربانی خاین بەکورد، لەنێو لاشەی کوژراوەکاندا بەجێدەمێنێ. هێزەکانی سمکۆ، لەدرێژەی هێرشەکەیاندا شاری میاندووئاو، نێوەندی فەرماندەیەتیی سوپای ئێران گەمارۆ دەدەن و، ئازایانە و دلێرانە،

لەماوەیەکی کورتدا شارەکە داگیر دەکەن و، پاش کوشتن و راوەدوونانی هێزەکانی ئێران، چەکوچۆڵ و کەلوپەلێکی زۆر دەکەوێتە دەستیان.

کاتێ سمکۆ، لە پێوەندییەکانی لە گەڵ ئینگلیز و، وڵاتانی ئوروپایی ناهومێد دەبێ، بیر لەوە دەکاتەوە، لە ناکۆکیی نێوان ترک و ئینگلیزەکان کەڵکوەربگرێ و، داوای چەک و چۆڵ و پێداویستیی جەنگی بکات لێیان. بەو مەبەستە، لە گەڵ والی پێشووی شاری مووسڵ، بەنێوی "حەیدەر بەگ" ی ترک، لە شەمدینان دیدار دەکات. ترکەکان بە وتە و سەرزارەکی بەڵێنی پێدەدەن کە هەموو جۆرە یارمەتییەکی پێدەکەن. سمکۆ بە وادە و بەڵێنی ترکان باوەڕ دەکا و، زۆر گەشبین دەبێ. ئەو دیدارە، ئینگلیزەکان دەخاتە پەژارەوە و، لەمانگی خەرمانانی ١٩٢٢، هێزێکی ئامادەی پەروەردەکراو، لە تارانەوە بە فەرماندەیەتیی "ژنەراڵ جهانبانی"، هەروەها لەشکرێک لە ئازەرییەکان ئامادە دەکرێت. جگە لەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنییەکانی ئێران، خولی راهێنانی سەربازیی تەواو دەکەن و، خۆبەخشانە تیپیکی سەربازیی پێکدێنن. کابرایەکی ئەرمەنی بەنێوی "زرایۆف"، دەبێتە فەرماندەی تیپی ئەرمەنییەکان کە لە سوپای پێشووی رووسیای تزاریدا، ئەفسەر بووە. ئەوجا نەخشەی هێرش بۆ سەر داگیرکردنەوەی کوردستانی ئازاد و، لەنێوبردنی هێزی چەکداری کورد، دادەڕێژن.

سوپای ئێران بەرەو شارەکانی سەڵماس و ورمێ دەکەوێتەڕێ. هێزەکانی کوردستان سێ هێرشی گەورە دەکەنە سەریان و زەرەر و زیانێکی زۆر بە دۆژمن دەگەیەنن، بەڵام وەک جارەکانی پێشوو ناتوانن هێزی دوژمن بشکێنن. بۆ جارێ چوارەم، هێرش دەبەنەوە سەریان و، ئەوجارەیان دەبێتە "شەڕی مان و نەمان". لەزۆرجێگەدا بەرەوڕووی یەکدی دەبنەوە و لێیان دەبێتە شەڕی دەست و یەخە و، بە خەنجەر و شمشێر، پەلاماری یەکدی دەدەن. لەئاکامدا بەهۆی تۆپبارانی خەستی تۆپخانەی ئینگلیزەکان و، زۆربوونی ژمارەی چەکدار و چەک و فیشەکی دوژمن، لەشکری کورد دەشکێ و، بەناچاری پاشەکشە دەکات. سوپای دوژمن، بۆ پێشگرتن لەخۆرێکخستنەوەی دووبارەی هێزەکانی کورد، کات بەفیرۆنادات و، بەردەوام دەبێ لەسەر هێرشەکانی و، پاش چەند رۆژ، شاری "ورمێ" داگیر دەکاتەوە. شایانی باسە، شاری ورمێ ماوەی چوار سال لەژێر دەسەلاتی کورددا بوو. لەماوەی ئەو چوارسالەدا کە ورمێ بەدەست کوردەوە بوو، رۆژنامەیەکی کوردی بەنێوی "رۆژی کورد و شەوی عەجەم"، بڵاودەکرایەوە کە سەرنووسەرەکەی نێوی محەممەدی تورجانیزادە بوو (٣*).

هێزەکانی ئێران، پاش داگیرکردنەوەی ورمێ، درێژەیان بە هێرشەکانیان دا و، هەموو نێوچەکانی کوردستانی ئازادیان داگیر کردەوە و، دەستیان کرد بە گرتن و کوشتن و لەسێدارەدانی رۆڵەکانی کورد و، سووکایەتیکردن بە خەڵکی رەشوڕووتی کوردەواریی.

سەرۆکی کورد، سمکۆی شکاک، کە نەیتوانی لەبەرامبەر گەلەکۆمەی رووسی وئەرمەنی و ئازەری و ئینگلیزی و سوپای ئێرانی داگیرکەر و، سیاسەتی پڕ لەدرۆ و فێڵبازانەی ترکان، سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەرەو باشووری کوردستان دەڕوات و، ساڵی ١٩٢٣ پێدەنێتە شاری سلێمانی.

شای کوردستان، شێخ مەحموودی نەمر، لە باشووری وڵاتەکەمان، مەملەکەتی سەربەخۆی کوردستانی دامەزراندبوو. شێخ مەحموود، بەوێنەی سەرۆکی کوردستان، پێشوازی لە سمکۆ دەکات. لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە، پشووی رەسمی رادەگەیەندرێت و، بە موزیک و رێزی سەربازی و تەقاندنی ٧ گوللە تۆپ و، چەپڵەڕێزان و هوتافکێشانی تێکڕای دانیشتووانی سلێمانی و، گوندەکانی دەوروبەری، ئەوپەڕی رێز لە سمکۆ – قارەمانی کورد دەگیرێت. باشووری کوردستان بەو پێشوازییە گەرمەی، سوپاس و ئەمەگ و خۆشەویستیی خۆیان بەرامبەر سمکۆ – خەباتکاری ماندوویینەناسی رێگەی سەرفرازیی کورستان دەربڕی.

سمکۆ، ماوەی مانگ و نیوێک لە سلێمانی مایەوە و میوانی شای کوردستان بوو. پاشان بەرەو باکووری کوردستان رۆیشت. ساڵی ١٩٢٤، بەمەبەستی هەڵگیرسانەوەی راپەڕینێکی نوێ، بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕایەوە و، ژمارەیەک پێشمەرگەی لەخۆی کۆکردەوە و، "دەشتی سەڵماس" ی داگیر کرد و، گەمارۆی شاری سەڵماسی دا، بەڵام لەبەرامبەر هێزەکانی ئامادە و پڕچەکی ئێراندا شکستی خوارد و، بەرەو باکووری کوردستان پاشەکشەی کرد.

لەوکاتەدا، رژێمی ئەتاترکی خوێنڕێژ و دوژمن بە کورد، بە هەوڵی دیپلۆماسی و، پشتیوانی سیاسیی یەکێتیی سۆڤێت، توانیبووی پەیمانی "سێڤر" هەڵوەشێنێتەوە و، کورد لە گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دوور بخاتەوە و، دەسەڵاتی خۆی بەسەر سنووری ترکیای نوێ، کە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانی لەخۆگرتبوو،دابسەپێنێ و، پێوەندیی نێوچەیی و جیهانیی خۆی لەگەڵ دەولەتان ئاسایی ئاسایی بکاتەوە. دوابەدوای ئەوە، لەگەڵ رژێمەکانی داگیرکەری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێکەوە رێککەوتن بۆ بنبڕکردنی هەر بزاڤێکی نوێی گەلی کورد. ئەوە بوو لەگەڵ پەڕینەوەی سمکۆ و هاوڕێکانی بۆ نێو خاکی کوردستانی بندەستی ترکیا، لەلایەن

سوپای ترکەوە گەمارۆ دران و، پاش خافڵاندنیان بەنێوی ئەوەوە گوایە دانووستانیان لەگەڵ دەکەن،چەکیان کردن و، داوایان لە سمکۆ کرد خاکی ترکیا جێبێڵێت..!.

ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٢٩، رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، بەپاڵپشتی و یارمەتیدانی دەوڵەتەکانی گەورەی کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستی، لەرووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە جێکەوتن و، لەرووی سەربازی و، چەکوچۆڵی جەنگیشەوە بەهێزتر بوون و، دەسەلاتی رەشی خۆیان بەسەر کوردستان و سنوورەکانی دەستکردیاندا پتەوتر کرد. داسەپاندنی شەوەزەنگ و ترس و سام و دیکتاتۆری، بوون بە سیاسەتی داگیرکەران لە کوردستان. لەو بارودۆخە دژوار و سامناکەدا، سمکۆی شکاک، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە و هاورێکانی، لەکاتێکدا تەنیا دە – دوانزە کەس لەگەڵی مابوون، ناهومێد و بێهیوا بە ژیان و چارەنووسی خۆی و گەلەکەی، بەنێو دۆڵ و ئەشکەوت و هەرد و شاخەکانی نێوان سێ سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستان، دەسووڕایەوە.

ساڵی ١٩٣٠، رژێمی ئێران پێوەندیی لەگەڵ دەگرێت و، داوای لێدەکات، خۆیبدات بەدەستەوە و، بەر لێبوردنی شای خاوەن شکۆی ئێران!! دەکەوێ. سمکۆ دەگەڕێتەوە، بەلام رەزاشای دیکتاتۆر، کە درۆ و فێڵ و پیلان لە باوباپیرانییەوە بەمیرات ماوەتەوە بۆی، بڕیاری لەنێوبردنی دەدات و، سمکۆ، قارەمانی رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، لە ساڵی ١٩٣٠ی زاینی، لە شاری شنۆ بەدەستی بەکرێگیراوانی ئێران، شەهید دەکرێت.

رەنگە هیچ سەرکردەیەکی کورد، هێندەی سمکۆی شکاک، نەکەوتبێتە بەر رِق و کینەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان. لەنووسراوەکانی هەموویاندا، گەلێک وشەی دزێو و نامرۆڤانەیان لەدژی بەکارهێناوە و، بە چەتە و بکوژ و خوێنڕێژ و دڕندە نێویان بردووە. هۆی ئەوەش رۆن و ئاشکرایە. سمکۆ، شکستی سەربازیی زۆر گەورەی بە دەیان ژنەراڵی ئێرانی و ئەورپایی هێنا، بەچەشنێ کە بە پەلەپڕووزە و سەرشۆڕییەوە لەبەری هەڵدەهاتن، یان لاشەیان لە گۆڕەپانی جەنگدا بەجێدەمان. ئەو ژنەراڵانەی کە لە خوێندنگە و زانستگەی سەربازیی مۆدێڕنی ئەو سەردەمەدا پێگەیشتبوون،یەک بە یەکیان لەبەرامبەر ئازایەتیی هێزی کورد و، شارەزایی جەنگی و دلێری سمکۆی سەرکردەدا بە چۆکدا دەهاتن. هەروەها سمکۆ، رێبازێکی رۆشنی لەبەردەم خەباتەکەیدا گرتبووەبەر و، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی دەدا و، خوێنی رۆڵەی کوردی بە فیرۆ نەدەدا بۆ پاراستنی سنووری نگریسی داگیرکەران و، پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی و بنەماڵەکەی و، وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسیی، کە داگیرکەران بیبەخشن پێی. ئاوات و ئامانجی سمکۆ، رزگارکردنی کورد بوو لە کۆیلەتی و بندەستی و، دامەزراندنی کیانێکی کوردی

لەسەرتاسەری خاکی نیشتمانەکەی، ئەوەش لەلایەک مایەی دڵخۆشی و پشتیوانیی گەلی کورد بوو لە سمکۆ، لەلایەکی دیکەوە، ترس و پەژارەی خستبووە دڵی هەموو داگیرکەران و، هەموو دەوڵەتەکانی گەورەی ئەو سەردەمە – وەک رووس و بەریتانیا، کە لەئێران و لەنێوچەکە شوێن بەرژەوەندی و سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان کەوتبوون.

سمکۆی شکاک،وەک هەر سەرکردەیەکی کلاسیکی کورد، بێگومان دوور لە هەڵە و کەموکورتی نەبووە. تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی کلاسیک بریتین بوون لەوە کە، ئامانجیان رزگارکردنی نەتەوەکەیان بوو لەبندەستیی. بە دڵێکی پاکژ و تەژی لە هەستی نیشتمانپەروەرییەوە، بۆ سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستان خەباتیان دەکرد. زیاتر خۆیان لە رۆڵ و نەخشی پێشەوای ئاینی، یان کۆمەڵایەتیدا دەدیت، وەک باوکێکی رۆحی و ریش سپی و، دەمڕاستی گەلەکەیان. هیچ هەڵاواردن و جیاوازییەکیان لەنێوان تاک و ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەیاندا نەدەکرد. گوێیان بە جیاوازیی ئاینی و، بیروباوەڕ و، زاراوەی جیاواز نەدەدا و، بەیەک چاو، سەیری گەلەکەیان دەکرد. باوەڕیان بە سازکردنی حیزب و دەستوور و پێرەوی حیزبی و، کاری رێکخراوەیی و، راوێژ و کۆبوونەوە و لێکدانەوەی رووداوەکان و، دانیشتن لەگەڵ لێژنە و کۆمیتەی سەرۆکایەتی و، دەنگدان بۆ بیروراوەرگرتن نەبوو.... زۆربەی زۆری ئەو ئاکار و تایبەتمەندییانە لەژیان و هەڵسوکەوتی هەموو سەرکردەکانی کلاسیکی کورد – لە **شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی** یەوە بیگرە هەتا **مەلا مستەفا بارزانی**، کە دوایین سەرکردەی کلاسیکی کورد بوو، زەق و دیاربوون.

لەبەر ئەو هۆیانە، وەک ئاماژەمان کردپێی، سمکۆی شکاکیش، لە هەڵە و کەموکورتی بێوەری نەبووە، بەڵام، ئێمە با بێین، کوردستانی نەوەت تا سەت ساڵ و، پێشتریش بهێنینە پێش چاوی خۆمان، کە دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و فەرهەنگی کۆنەپەرستانە و بیری عەشیرەتی و خێڵەکی، بەسەر کوردستان و سەرتاپێی نێوچەکەدا زاڵ بوو، لە کات و سەردەمێکی ئاوادا، سەرکردەیەکی وەک سمکۆ هەڵبکەوێ لە کوردستان، کە چوارچێوەی روانینی،لە سنووری عەشیرەت و خێڵەکەی خۆی بترازێ و، بیرلە رزگارکردنی نیشتمانەکەی و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکاتەوە. بۆ جێبەجێکردنیشی پەنا بۆ سەرۆک و نوێنەری ولاتانی گەورەی سەردەم ببات و، لێیان بپاڕێتەوە و، داوای پشتگیرییان لێبکات. بە کردەوەش هێزی رزگاریخوازی کوردستان پێکبێنێت، بەنیازی راماڵینی هێزی داگیرکەر لە کوردستان و، هەموو ژیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت بکات، ئەوجا، بەراوردی بکەین لە گەڵ بارودۆخی سیاسیی ئەوڕۆی جیهان و رۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان و، ئاکار و هەڵسوکەوت و روانگەی ئەم سەرکردانەی ئەوڕۆکەی گۆڕەپانی

سیاسیی کوردستان لێکبدەینەوە، کە هەموو ئامانج و بیروباوەڕێکیان، بووەتە خۆدەوڵەمەندکردن و، هەوڵ و هەڵپەی دەسەڵاتی زیاتر، بۆخۆیان و حیزب و بنەماڵەکەیان و، بەفیڕۆدانی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان و، فریودانی کورد بە درۆشم و قسەی بریقەدار و، هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و سنووری دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان، ئەوکات، ئاست و رادەی دڵسۆزی وبیروباوەڕی بەرز و، گەورەیی سمکۆ، لەلامان، زیاتر ئاشکرادەبێت.

بەڵێ، سمکۆ هەموو ژیانی لەپێناو سەربەرزی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا بەخت کرد. لەو رێگەیەشدا، دوو برای و ژنەکەی شەهیدکران و، کوڕەکەشی بەدیلی کەوتەدەستی دوژمنەوە. سەرئەنجام، خوێنی پاکی خۆشی پێشکێش بە گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان کرد.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی سمکۆی شکاک و هەموو شەهیدانی رێگەی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!

**(١*) – لە پەرتۆکی "بقعه ضوء" (پارچەیەک رۆناهی) وەرگیراوە. ئەم پەرتۆکە، دوکتۆر جەلیلی جەلیل لە ئەرشیڤی سەردەمی دوەڵەتی رووسیای قەیسەری دەرهێناوە و، لە رووسییەوە کردوویە بەکوردی. حەیدەر عومەر و، عەلی جەعفەر کردوویانە بە عەرەبی.**

**(٢*) – مامۆستا مەلا محەمەدی تورجانی سەرنووسەری رۆژنامەی "رۆژی کورد و، شەوی عەجەم"، پاش تێکشکانی شۆرشی رزگاریخوازانەی سمکۆ، بەرەو عێراق رۆیی و، لە شاری بەغدا گیرسایەوە و. لەوێ بە نێوی "مەلا محەممەدی قزڵجی" دەناسرا.**


سەرچاوە:

١– "بزووتنەوەی نەتەوەی کورد" نووسینی: "کریس کۆچرا". (ئیبراهیم یۆنسی) لە فەرەنسییەوە کردوویە بە فارسی.

٢– "مێژووی ١٨ ساڵەی ئازەربایجان" نووسینی: ئەحمەد کەسرەوی.